تەنگژەی شیعری لیریکی

د. ئەکرەم خامۆش

هۆنراوەی لیریکی وەک دەقێکی هونەری لە ڕوخسار و ناوەرۆکدا پەیامی خۆی بە شێوازیکی سادە و ساکار و والا دەگەیەنێ، بۆیە پێویستە لە ڕووی دارشتنەوە، بەهرە و کارامەیی شاعیر بەو شێوازە بەرهەمی بهێنێ کە سنوور و پانتایی ئەو توخم و خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی خۆی نەبەزینیی، کە مەرجەکانی فۆرمی لیریکی تێدا دێنە دی، بۆیە پێویستە شاعیر ئەوتۆیان لەو کەرستانەی زمان و چەمکی زاراوەکانی بۆ هەڵبژێرێ و بخوازێتەوە، دەسترەنگینی ئەو تەونچنینەی، کاریگەری لە هەڵچوونی هەست و سۆز و دەروونی موزیکژەن وا بجۆشێنێ، مەیلی بۆ کەشێکی باراناوی سۆز و ئاوازی موچڕکاوی، بۆ تیفتیفەدان و ئارایشتی ئەو دەقە کەوی بکات.

شیعری لیریکی یەکێ لە هونەرە دێرین و بەرزەکانی ئەدەبی کوردییە، شاعیری بە سەلیقە، لە پاڵ ئەو پێشکەوتنەی ژیان و ژیار و بەردەوامبوونەی ڕەوتی گەشە و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی، پێویستە لە بەردەوامی ئەو جموجووڵ و نوێبوونەوە و چالاکیانە دانەبڕێ و شان بە شانی ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتییە هاوکات بەهرە و ئەزموونی هونەری لە دارشتندا ئاوێنەی هەمان قۆناغ و سەردەم بێت.

ئەمڕۆ ئێمە لەبەردەم تەنگژەیەکی گەورەی دەقی لیریکیداین، بۆیە دەبینین سەردەم و ڕۆژگاری ئەمڕۆمان زۆربەی هەرە زۆری شیعری لیریکی کوردی، لە هونەری دارشتن و شێوازی ساکار و پەیڤی ڕەوان و جوانیلۆژیا کە خوڵقێنەری بابەتن لە دارشتندا، پاشەکشێیان کردووە!

بەوەش ئۆباڵی ئەمانەتی مێژوویی ئەدەبی و هونەری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو جۆرە شاعیرانە کە ئامانج و ئاراستەیان نیشانەی خۆیان ناپێکن، چونکە هونەری دارشتنی هۆنراوەی لیریکی لەلای شاعیرێک، پێویستە ئەو پەیامە بگەیەنێ و ئەو ئامانجە بپێکێ کە ڕوخسار و ناوەرۆکی لەلای خوێنەر و گوێگریش داوای پۆشتە و پەرداخی دەکات.